ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# سیاسەتی کورد...و...دواڕۆژری عێراق

بارزان شوان
سوید
uvnbas@hotmail.com



گەلێک نووسراو لە مەڕ مێژوو و وێژەی گەلان نووسراونەتەوە،مەگەر بەدەگمەن هەندێک لەو چاپکراوانە باس لە گەلی ماف خوراوی کوردی کردبێت، ئەوانەی گەل و هۆزەکەی خۆی بەسەرکردبێتەوە و ڕووداوی کورد و کوردوستانی لە بیر خۆ نەبردبێتەوەو بەزەییان بە گەلە لێقوماوەکەیان هاتبێتەوە، هەرگیز لە یاد ناچنەوەو تا هەتایە لە نێو دڵی هەموو کوردێکتدا دەمێننەوەو تەزووی بەردەوامی ژیانیان و پاکی ویژدانیان هەتا هەتایە وەک دڵۆپە خوێنێک لە نێو دەمارەکانی جەستەی زیندواندا هەردەم ڕەونەقدار چەشنی ئەستێرەکان هەمیشە دەبریسکێنەوە.

چەندەها سەدەیە گەلی کورد بە بەردەوامی هەوڵی داوە کە ڕۆژگارێک بێت میللەتی کوردیش وەک هەموو میللەتانی جیهان بتوانێت هەوای ئازادی بەسەربەستی هەلمژێ و خودانی خاکێکی سەربەخۆ بێت و تاکە پایتەختێکی هەبێت و خاوەنی دەوڵەتێکی بە شان و شەوکەت بێت, کە هاولاتیان تیایدا بە گشت بیروباوەڕو دین و گەلە جوداکانیەوە لەسەر کەژ و کێوی کوردوستانەکەیاندا ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی بە سەر بەرن.

کورد هەر بە خۆی بتوانێت مەشخەلی بنەما دیموکراتیەکان بەرزبکاتەوە و تەنها یاساش سەروەر بێت و لە یەکسانیشدا هاوشانیان نەبێت ، بەلام مخابن میللەتی کورد هەر لە دێر زەمانەوە نە سیاسەتێکی دووربینی بەرپا کردوەو نە پلانێکی داڕێژکراویشی بۆ دوارۆژ هەبوە، وە نە هێزێکی یەکگرتووی ڕێکخراوی هەبوەو نە زووتریش سیاسەتمەدارێکی ولۆی هەبوە بتوانێت گشت ڕێزە پێشکەوتوخوازەکان یەک بخات، هەر بۆیە ئاوات و نیازە ڕامیاریە مێژووییەکان نەیانتوانیوە بگەنە مەرام و لە زوڵم و هەڵسوکەوتە ناڕەواکانی وولاتانی دراوسێیان هەردەم پەرێشان بوون. دور نیە زۆر جار بە یارمەتی هێزە ناوخۆییەکان و ناوچەییەکان خەباتی درێژخایەنیان کردبێت، بەلام دیارە زۆربەی جاران سیاسەتێکی ڕوونی زیندوو و دەستپێشخەریان بۆ دانەنابێت بەڵکو گەلێک لە شۆڕشە دێرینەکانمان هەر بە هەڕەمەکی یان بە بێ بەکاربردنی هیچ جۆرە بۆچوونێکی سیاسی پلان بۆ دانراو سەریان هەڵدابێت کە بتوانێت خۆڕاگر بێت ڕووبەڕووی شکست و نەهامەتیەکان . یان هۆکاری درووست بوونی بزووتنەوەکان لەوە دەچێت لە ئاکامی ناڕەزایی بوون و بەرهەڵستیەک بووبێت سەر بە بەرژەوەندیەکی تاکی ناوچەیەکی دیاریکراو یان هەڵچوونەکە تەنها لە نێو چەند هۆزو خێلێکی بە پەنجە ژمێردراو بووبێت یان زۆر بە ئاسانی پێکدانەکان خولقابن بۆ دژایەتی یکتر و ئارمانجیشیان تەنها بۆ لە ناوبردنی بەرامبەرەکەیان بووبێت یان ...هتد.، جا بۆیە کۆتایی هە ر هەموو بزووتنەوەو شۆڕشە بەرپابوە ئازادیخوازەکانی ئەم میللەتە کۆڵنەدەرە تەنها شکستی بووە .

ئەوەی بیەوێت زیاتر لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشە کانی گەلی کوردووردبێتەوە دەبینین بە چەند خاڵێکەوە گری دەدرێن، لەوانە!!!!!!

* نەبوونی ئابووریەکی سەربەخۆ، بۆ دابینکردن و سەقامگیرکردنی شۆرشێکی تەمەن درێژ.

* نەبوونی کەش و هەوایەکی دیموکراسی لە نێوان چین و توێژە جوداکانی سەر بە کۆمەڵگای کوردی هاندەر بووە بۆ خەڵکانی ئایینی کە زیاتر بتوانن بگەنە ئارمانجە تێکدەرەکانیان، دژایەتی پیاوانی ئاینی بۆ سەر کەسانێک کە نیازیان بووبێت پرۆسە دیموکراتیەکان بە بەرهەم بێنن ،هێندە ڕێگر بوونە کە گەلی کورد نەیتوانیبێت بە مافە ڕەواکانی شاد بێت.

* زۆربەی زۆری بزووتنەوەو خۆپێشاندان و خەبات و شۆڕشەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای سۆزی خەڵکی بووە بۆ چەند کەسانێکی ناسراوی سەر بە هۆزو تیرە کوردەکان ، هەر بۆیە لە زۆربەی زۆری لێکۆڵینەوە کۆنەکانی سەر بە مێژووی کورد دا ،باسی خەباتی ئەم گەلە بۆ گرتنی سەربەخۆیی و ئازادی لە توێژینەوەکانیاندا خۆی وەندە کردوە .

* کزی و ئالیکاری و یارمەتی وڵاتە زلهێزەکان بەرامبەر بە سەبەخۆیی کوردان لە سەر بنەمای بەرژەوندی هاوبەش بوە لە گەڵ دوژمنان و ووڵاتە داگیرکەرە دراوسێکانی کوردوستان . هەندێک جار بەرژەوەندی زلهێزەکان وای خواستوە کە لە گەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بن، هەر بۆیە زۆر جار ئەم گەلە لە لایەن ئەم دەسەڵاتانەوە هەڵخەڵتێنراون و بەڵێنی درۆلە خشتەیان بردوون، بەڵام کوردی دلسۆزیش هەموو جارێک بە هەمان ئاگرە نەکوژاوەکە جارێکی تریش سوتێندراون.

* نەبوون و کەمی ڕۆشنبیران و خوێندەواران لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری دا بە گشتی بە کۆسپێکی سەرەکی دەژمێردرێت بۆ سەرنەکەوتنی گشت ئەو هەوڵ و تەقەلانە، بەڵکو پێ نەزانین و دواکەوتویی سەرانی ئەم گەلە لە بواری کۆمەلایەتی و یەکسانی و هاودەنگی و ناشارەزایی سیا سیی هەردەم دیوارێکی مەتین و گەورەبوون لە بەردەم خەباتی بێ پایانی کورد بۆ بەدیهێنان و گەیشتن بە ئامانج و خەباتێکی جەماوەری یەکگرتوی پێشکەوتو، بۆ نموونە..... لەنێو زۆربەی زۆری میللەتانی جیهاندا پرۆسەی خەبات و شۆرش لەسەر بنەمایەکی لۆجیکو ڕاستەقینە بەرپابوون، ئەگەر بێت و باسێک لە شۆڕشی فەرەنسی کە لە سالی ١٧٨٩ دا هەڵگیرسابوو بکەین، دەبینین زۆربەی زۆری هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو نەبوونی و هەژاری و بێکاری و کەمدەرامەتیەی کە لە نێوان هاولاتیانی ئەو ووڵاتەدا بە گشت چین و توێژەکانیانەوە دووچاری ببوون سەری هەڵدابوو، هەرچەندە هاتنە کایەوەی ئەو شۆڕشە مەزنە بە ڕۆژو دوو ڕۆژ پێک نەهاتبوو بەڵکو دەتوانین بلێین بۆ ساڵانی زووتریش دەگەڕێتەوە کە فەقیر و هەژاران و جوتیاران چی دی نەیانتوانی بوو ئەو باج و قەرزانەی کە بە زۆردی زۆرەملێ بەسەریاندا سەپێندرابوون نەیانتوانی ئیتر پێشکەش بە پادشاکەیان لۆدڤیک و ماری ئەنتوانێتی ژنی بدەنەوە ، ئەم خۆپیشاندانە بوو بە هۆی شکاندنی عەمباری بۆگەن و گەنە خەزنەکانی پادشاو دام و دەزگاو سەرانی ئەو وولاتە. بەرپابوونی ئەو شۆرشە مەزنە بوو بە سیمبۆلی هەموو شۆرشێکی ئازادی خوازی دیموکراسی سەر بە گەلانی ماف خوراو لە جیهاندا، ئێمەی کورد کە ئەورۆ زیاتر لە سێسەد ساڵە ئەو شۆڕشە مەزنە بە سەر چوە، تا ئێستاش نەمانتوانیوە بە لای کەمەوە ماڵی خۆمانیش بە یەک بکەین ،هەنوکەش ڕاستەوخۆ توندڕەوی لە سیاسەتی هەندێک لەپارتەکانمان بە دی دەکەین ، ئێستاش بەربەرکانی و دزی و گەندەڵی و هەوڵی گرتنی دەسەڵاتێکی زیاتر لە نێو ڕیزی لێپرسراواندا هێندە باوەو تەشەنەی کردوە کە بە یکێک لە نەخۆشیە گەل کوژەکان دەژمێردرێن، ئەو گەندەڵیانەی

ڕۆژانە بەرێوە دەچن بە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک، بنکەیان وا داکوتیوە کە برینیان هێندە دژوارە کە لە نەخۆشی شێر پەنجە بە دەها جار زەحمەت ترو ترسناکترن.
ئێمەی کوردی باشوری کوردستان، دەمێکە ئاگاداری چلۆن بەرێوەبردنی سیاسەتێکی ئەم چوار وەڵاتە داگیرکەرانەی دراوسێمانین و لە ئارمانجەکانیان باش گەیشتووین ، کەچی بە داخەوە تا ئەورۆش هەر بەردەوامین لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئە داگیرکەرانە ، ئەوەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ سەر باوەڕ نەکردنی دەسەڵاتدارانی کورد بە یەکتر، یان بە پارتەکانی بەرامبەریان، واتە زۆر جار چۆکمان بە خۆمان داناوە، هەر بۆ ئەوەی دەست نەخەینە نێو ملی برا بە بیر و باوەڕ جوداکانمان، ئەورۆ کەش و هەوایەکی یەکجار باش خۆی سەڵماندوە کە بە ئاسانی دەتوانین بۆخۆمانی بقۆزینەوەو سوودی لێوەربگرین ،تا لە پاشەڕۆژدا بتوانێت ببێت بە بنکەیەکی هەمیشەیی بۆ سەربەخۆیی تا سەرەکی و هەتا هەتایی کوردوستان، ئەو هەلەش تەنها گرتنی بەرژەوەندیەکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، سیاسەتی جیهانی ئەمڕۆمان بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان، جا لە بەر ئەوەی ئەو وولاتە زل هێزە ئەورۆ نیازی مانەوەی هێزەکانی خۆی هەیە لەو ناوچەیە ، دەبێت ئێمەی کورد هێندەی تر هاندەر و پشتگیریان بین بۆ مانەوەی ئەو هێزانە بۆ ماوەیەکی دەها دوورو درێژ تر وەک لەوەی کە بۆ خۆیان داناوە، بە خۆمان باش دەزانین کە ئەمریکیەکان نە متمانە بە سوننە و نە بە شیعەی دەسەڵاتداری ئەورۆی عێراق دەکەن، چونکە بەرژەوەندی شیعە بێگومان لە گەڵ بەرژەوەندی ئێراندایە، وە ئەوان زیاتر خولیای دینن وەک لە سیاسەت، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگە سەر بە کولتوری و ئاینیەکانەوە. بێگومان ئەم هەلە مێژوویە دووبارە نابێتەوە و کورد بە گشت توانایەکەوە دەبێت ڕۆڵی خۆی تیادا بنوێنێت.
ئەگەرو پێشهاتەکان گەلێکن، و پاشەکشێی وولاتە یەکگرتوەکانیش ئەگەر ئەورۆش نەبێت خۆ سبەی هەر دەبێت، لە میانەی تەبایی و یەکێتی نێوان ڕیزەکانی گەلانی عێراق دەبێت میللەتی کورد بە یەک چاو تەماشای گشت پێکهاتەکان بکات، ئەو میانەیەی کە دەریدەبڕین بۆ لایەنێک دەبێت بە هەمان شێوە بۆ لایەنەکانی تریشی دەربڕین.

لەوە دەچێت سیاسەتمەدارانی ئەمریکا لەم ساڵانەی دواییەدا هیچ بایەخێکی ئەوتۆش بە تورکیای نەژاد پەرست نەدەن و گرنگیەکی سیاسیشی هەر پێ نادەن ، جا بۆیە زۆر جار بەردەوام هەڕەشە وگورەشەی سەرکردانی تورکیا بۆ سەر کوردان دەبیستین، ئەوان هەمیشە لە کۆششدان بۆ لە ناوبردنی سەقامگیری لە شاری کەرکوکی سەر بە کوردان ،ئەم گوزارشانە وا دەگەیەنن کە تورکەکان دەها لە نزیکبوونەوەی پەیوەندیەکانیان لە گەڵ ئەمریکیەکاندا دەستیان شۆردبێت، هەربۆیە بە ئاشکرا هاوار دەکەن و باوکەڕۆیانە ، ئاشکرا دیارە ئەو خۆ گیڤ کردنەوەیەی تورکیا دەرەقەتی یەک چاولێسووركردنەوەی سوپای ئەمریکا نایەت، و بەخۆشیان باش دەزانن ئەورۆ توانای هیچ جۆرە پەلاماریکیان نیە بۆ سەر خاکی کوردان، جا هەر بۆیە ئەم هەلە مێژوویە وئەو ڕووداوانەی کە بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێدەپەڕێت دەبێت بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکرێت و پلانێکی سیاسی دیاریکراوی بۆ دارڕژرابێت کە لە پاشەڕۆژدا ببێتە هۆی وەدەستهێنانی کوردوستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، ئەو ئاواتەی کە زۆر لە مێژدا کوردان خەوی پێوە دەبینن.
وەگیرهێنانی ئەو ئارەزوو و نیازە بێگومان دەکەوێتە سەر ئەستۆی گشت میللەتی کورد، بە هۆی بە گرکردنی ئەو جۆرە پێشخستنە سیاسی و ڕۆڵ گێرانەی کە لە عێراقی ئەورۆدا دەیبینێت و ڕوو بە ڕووی دەبێتەوە، پێویستە کوردیش وەک گشت میللەتانی جیهان با بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی بەرزی وولات و نەتەوەکەی خۆی بگەرێت ، دوا بە دوای ئەو بەدەست هێنانە سیاسیانەی زووتر باسمان لێوە کرد، بلا ڕەچاوی بەرژەوەندی پەیوەندیەکانی خۆی لە گەڵ وولاتانی دراوسێیدا بکات، دەبێت کورد بۆ ئەمریکای بسەڵمێنێت کە ئەوان بە ڕاستی دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە

پێکهێنانی سەقامگیری و ئاشتی و ئارامی لە گشت عێراقدا، شان بە شانی ئەوەش دەبێت بە کردار زەمینەیەک خۆش بکەین و ڕاشکاوانەش دیار بێت ، کە کوردان دەتوانن بەرژەوندیە گشتیەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا بپارێزن . لە هەما کاتیشدا نابێت کوێرانە دوای هەڵوێست و مەرامەکانی ئەو زل هێزە بکەوین، چونکە هیچ دوور نیە دووبارە پاشقولمان لێ بگرێت و ڕاپێچی زەریایەکی قوڵمان بکات . جا بۆیە دەبێت هەمیشە بۆچونە سیاسیەکانمان لە گەڵ بەرژەوەندیە هاوبەشەکاندا بگونجێت. کاتێک کورد بە کردار توانی بیسەڵمێنێت کە بەرژەوەندی ئەمریکا لە گەڵ بوونی کوردوستانێکی ئازاد و سەربەخۆیە، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە سیاسەتمەدارانی کوردیش دەتوانن لە گۆڕەپانی سیاسەتدا خۆیان بنوێنن .